# حیزبە سێکۆلارەکانی کوردستانو ئایینەکان

د. کامران ئەمین ئاوە

هەر کۆمەڵگایەک بە پێی بوونی بیروڕاو ئایینی جۆراوجۆر بە چەشنێک دەکەوێتە ژێر کاریگەریی ئەو فەرهەنگ و نەریتەی کە دیاریی ئەم باوەڕمەندیی‌یانەیە. بەهەر رادەیەک ئەم ئۆلیی‌و ئایینانە دوور لە توندو تیژیی‌و لە ژێرکاریگەریی دەستکەوتەکانی ماددیی‌و مەعنەویی هاوچەرخ بن هەر بەو نیسبەتە ژیانی مروڤ ئەورۆیی‌ترو جێگا بۆ توندوتیژیی کەمترە. کوردستان نە تەنیا جێگای بوونو ژیانی کوردە موسلمانەکانی سوننی، شیعە، علی اللهی- یارسانیی، بەهایی‌و یەهودیی‌یە بەڵکوو شوێنی ژیانی ئاسوریی‌و ئەرمەنی‌یەکانیشە. هەر یەک لەم گروپانە بێ‌گومان جێژنو دابو نەریتی تایبەت بە خۆیان هەیە کە پێویستە ڕێزیان لێ‌بگیرێو ئێزن بە هیچ چەشنە توندو تیژیی لەگەڵ ئەوان نەدرێ. لە چەند دەیەی ڕابردوودا بە پێی سەر هەڵدانی گرووپە دەمارگرژەکانی ئیسلامیی‌و یارمەتیی ماڵیی‌و مەعنەویی عەربستانی سەعودیی‌و ئێران بە چەشنێک ئیسلامی سیاسیی بە ڕەنگو ڕوویەکی ڕادیکاڵ بۆتە هۆی کارەساتی گەورەو بچووک لە کوردستاندا. لەم ڕەوتەدا بە هۆی جۆراوجۆر حیزبە کوردستانی‌یەکان یان بایەخێکی وەهایان بەم هێزانە نەداوە یاخود بە چەشنێک بێ‌دەنگی‌یان گرتوتە بەر. لە لایەکی‌دیکەوە ئەم حیزبانە کە خۆیان بە سێکولاریش دەزانن بە چەشنێک خۆیان تێکەڵاوی مەسەلە ئایینیی‌یەکان کردووە کە لەگەڵ چوارچێوەی بیرو بەرنامەی حیزبەکانیشیان نایەتەوە. بۆ وێنە بەپێی ئەوەی کە زۆرینەی دانیشتوانی کوردستان موسلمانن، بە ناردنی پەیامی پیرۆزبایی بەبۆنەی جێژنی قوربانو مەولوود و هتد ... بە چەشنێکی یەک‌لایانە تەنیا جێژنی موسلمانەکان زەق دەکەنەوەو تەنانەت بەرنامەی ڕادیۆو تلەویزیۆنیان بە خوێندنەوەی  قورئان دەستپێدەکا. جاروباریش ئاشەکە ئەوەند سوێرە کە سەرۆک کۆماری ئێراق بە پێشینەی چەپەوە بەبۆنەی جێژنی قوربان پەیامی پیرۆزبایی بۆ تەواوی حیزب کوردستانی‌یەکانو یەک لەوان حیزبی شیوعی کوردستان !!!! دەنێرێ. لێرە ئەم پرسیارە دێتە پێش، بڵێی ئەرکی حیزبێکی سێکولار بێ کە خۆی تێکەڵاوی مەسایلی ئایینی بکاو پاساوەکەی ڕێزگرتن لە کوردی موسلمان بێ؟ ئەگەر تەنانەت ئەمە بە کارێکی باشیش لەقەڵەم بدرێ، ئەی بۆچی بۆ ئایینەکانی دیکە ئەو رێزە دانادرێ؟ ئەگەر قەرار وابێ بە بۆنەی ئەم جێژنانە  پیرۆزبایی لە تەواوی دینو ئایینەکان بکردرێ یان لە مانگی موحەرەمدا یادی حوسێنو ٧٢ کوژراوەی دەشتی کەربەلا زیندوکرێتەوە لێرەدا تەکلیفی یەزیدو مەعاویە یاخود عایشە کە بۆ بەشێکی زۆر لە کوردە سوننی‌یەکان جێ ڕێزن چی‌یە؟ بڵێی ئەمانە نەبێتە هۆی تێکەڵاوبوونی حیزبە کوردستانی‌یەکان لە کاروبارێک کە پێوەندی بە کاری ئەوانەوە نی‌یەو ئەگەر زەرەری نەبێ قازانجێکی تێدا نابێ؟ ئەرکی حیزبێکی سێکولار یاخود چەپ نە تەنیا دوورکردنەوەی خۆ لە مەسایلی ئایینی بەڵکوو یاریدەدان بە ڕەوتی پەرەسەندنی زانستو ڕۆشنبیریی لە کۆمەڵگا، هەروەها جیاکردنەوەی ئایینو شەریعەت لە سیاسەت و دەوڵەت لە سیستێمی پەروەردەیە. حیزبێک کە لە بەرنامەکەی‌دا باس لە کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوو و سێکولار دەکا، بۆچی دەبێ وەکو حێزبێکی ئایینی لەگەڵ جێژنە ئایینی‌یەکان یاخود کارەساتە مەزهەبی‌یەکان هەلسوکەوت بکا. ئەم حیزبانە باشترە ئەم کارانە بۆ عولەمای ئایینی، مزگەوت، کلیسا، جەمخانەو کەنیسەکان دانێنو لاپەرەی گۆڤارەکانیان بە بابەتی زانستیی، کۆمەڵایەتیی – ئابووریی و بەکەڵک پڕ کەنەوە نە پیرۆزبایی‌و سەرخۆشیی.

ئەم بابەتە لە ژومارەی ٦٢٥ کوردستان بڵاوبۆتەوە.